السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# زیادەڕەوی مەکەن لە وەسفکردنی من هەروەکو چۆن گاورەکان زیادەڕەوییان کرد لە وەسفکردنی کوڕی مەریەم (عیسا)، من تەنها بەندەم، بۆیە بڵێن: بەندەی خودا (عبد الله وپێغەمبەری خودا

لە عومەری کوڕی خەتابەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بووە کە دەیفەرموو: «زیادەڕەوی مەکەن لە وەسفکردنی من هەروەکو چۆن گاورەکان زیادەڕەوییان کرد لە وەسفکردنی کوڕی مەریەم (عیسا)، من تەنها بەندەم، بۆیە بڵێن: بەندەی خودا (عبد الله) وپێغەمبەری خودا».
[صەحیحە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- نەهی کردووە لە زیادەڕەوی وتێپەڕاندنی سنووری شەرعی لە ستایش و وەسفکردنی بەو سیفەت وکردەوانەی کە تایبەتن بە خوای گەورە -سبحانە وتعالى-، وهەروەها نەهی کراوە لەوەی بڵێین غەیب دەزانێت ونابێت لەگەڵ خوای گەورە لە ئەو یان لە هەریەکێکی تر بپاڕێینەوە وەکو کردەوەی گاوڕەکان دەرهەق بە عیسا کوڕی مەریەم -عليهما السلام-، پاشان ڕوونی کردەوە کە ئەو بەندەیەکە لە بەندەکانی خوای گەورە، وفەرمانی کردووە سەبارەتی بڵێین: بەندە وپێغەمبەری الله.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3406

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee